# کتێبی (خۆڕۆشنبیرکردن) ی سەلامە موسا
# پاش شەست ساڵ بە کوردی

خوێندنەوەی: سەردار فەتاح ئەمین



سەلامە موسا نوسەرێکی ناسراوی میسریە ساڵی 1887 لە گوندێک نزیکی شاری زەقایق، کە پایتەختی هەرێمی ڕۆژهەڵاتە لە میسر لە دایک بووە. ڕێکەوتی 4 ی ئابی 1958 کۆچی دوایی کردووە، لە پێشڕەوانی بیری سوشیالیزم و یەکێکە لە ڕوناکبیرە پێشکەوتنخوازەکانی میسر، یەکەمین کەسە بانگەشەی بۆ ئەم بیروباوەڕە کردووە. وەچەی دایک و باوکێکی قبتییە.
وا ناسراوە کە گرنگیەکی فراوانی بە ڕۆشنبیری داوە و باوەڕی تەواوی بە هزر(فکر) هەبووە، کە
ڕێخۆشکەرە بۆ پێشکەوتن و گەشەسەندن.




کتێبی (خۆڕۆشنبیرکردن) بە کوردی

سەرەتا پەیوەندی بە کۆمەڵێ لە ڕۆشنبیرانی میسریەوە کردووە لەوانە ئەحمەد لوتفی سەید، کە بانگەشەیان بۆ بە ساکارنوسینی زمانی عەرەبی و ڕێزمانەکەی کردووە و دانانیان بە شێوەزاری میللی میسری (عامی) بە بیانوی ئەوەی، کە زمانی عەرەبی چەندین نەوەیە نەگۆڕاوە و زۆربەی دانیشتوانی میسر نەخوێندەوارن، بۆیە سەلامە موسا بانگەشەی بۆ نوسین بە شێوەزاری میللی میسری (عامی) دەکرد.
سەلامە موسا لەسەر دەستی نەجیب مەحفوز خوێندویەتی و ئەو قسەیەی ئەو کە پێی ووتووە (تۆ بەهرەیەکی مەزنت هەیە بەڵام ووتارەکانت خراپن) هەمیشە دەوترێتەوە، بۆیە وای لە نەجیب مەحفوز کرد، گوڵبژێری نوسینەکانی سەلامە موسا بکات.
سەلامە موسا بە هۆی گیروگرفتی خێزانیەوە ساڵی 1906، کە ئەوکاتە 19 ساڵ بووە چۆتە ئەوروپا و سێ ساڵ لە فەرەنسا ژیاوە، کاریگەری زۆری لەسەر هۆشیاری سیاسی هەبووە لە میسر و خوێندنەوەی فۆڵتێر و کارڵ مارکس و ئەدەبیاتی سوشیالیزم کاریان تێکردووە.
لە پاریسەوە ڕووی کردۆتە ئینگلترە و بۆ ئەوەی یاسا بخوێنێت لەوێ ماوەتەوە پاشان وازی لە یاساش

هێناوە و ڕووی کردۆتە خوێندنەوە.



**سەلامە موسا**

لە بەریتانیا جۆرج بەرناردشۆی ناسیوە و سەرسام بووە، بە بیردۆزەی پەرەسەندنی چارلز داریون.
سەلامە موسا 43 بەرگ بەرهەمی چاپکراوی لە ژیانی خۆیی و پاش مەرگی بڵاوکراوەتەوە. لە ناو خوێنەران و ڕۆشنبیرانی کوردی چەند دەیەیەک لەمەوبەر ئەم نوسەرە عەرەبە میسریە زۆر ناسراوە و کتێبەکانی دەستاودەستی پێدەکرا.
ئەم کتێبەی ئێستای سەلامە موسا(خۆڕۆشنبیرکردن) ساڵی1946 بۆ یەکەم جار بڵاوکراوەتەوە، مامۆستا (مەحمودی تاهیر سادق) کردویەتی بە کوردی و لە بەرگێکی 270 لاپەڕەییدا خانەی وەرگێڕان لە سلێمانی پاش 60 ساڵ، ساڵی 2006 چاپ و بڵاوی کردۆتەوە. هێشتا ئەم کتێبە نرخ و گرنگی ناوەڕۆکی خۆیی لە دەست نەداوە، سەرەڕای گۆڕانی تیژتێپەڕی سەردەم، پێویستە گەنجان و لاوانی کورد بیخوێننەوە.
لێرەدا بە کورتی هەوڵ دەدەین خوێندنەوەکی ناوەڕۆکی ئەم کتێبە بۆ ئەو کەسانە بکەین، کە ئەم کتێبەیان لە بەردەستدا نیە بە تایبەت کوردانی هەندەران و کەمێک بە کرۆکی ئەم کتێبەیان ئاشنا بکەین.
جگە لە 47 بابەت کە نوسەر سەلامە موسا لەم کتێبەدا لە بارەیانەوە دواوە، پێشەکیەکی کورتی وەرگێڕ و پێشەکیەکی دانەر لە دوو توێی کتێبەکەدا دەبینرێ.
وەرگێڕ لە پێشەکیە کورتەکەی خۆیدا ئاماژەی بەوە داوە، کە ئەم نوسراوە واتە ئەم کتێبەی سەلامە موسا (خۆڕۆشنبیرکردن) لە ساڵی 1958 دانراوە، لەمەدا پشتی بە پێشەکیەکەی سەلامە موسا بەستووە، کە بۆ ئەم کتێبەی نوسیوە لە پاییندا مێژووی مانگی 5 ی ساڵی 1958 لێ داوە، بەڵام ئەوی من ئاگادار بم لە لیستی کتێبە چاپکراوەکانی دا (التثقيف الذاتي) ساڵی (1946) بۆ دانانی یان چاپکردنی یەکەمجاری ئەم کتێبە دانراوە و شایانی باسە نوسەر 4 ی ئابی 1958 کۆچی دوایی کردووە، ڕەنگە ئەو پێشەکیە بۆ دوا چاپی ئەم کتێبە نوسرابێت*.
وەرگێڕ ئەوەشی خستۆتە پێشچاو لەوانەیە ئەم کتێبە چەند زانیارییەکی تێدا بێت و گۆڕابێت لەگەڵ ئێستادا نەگونجێت، لەگەڵ ئەوەشدا، بایەخ و گرنگی و سوودی خۆی هەر هەیە و دەمێنێت.
ڕەخنەیەکیشی ئاڕاستەی نوسەر کردووە، کە ئاماژەی بۆ هیچ سەرچاوەیەک نەکردووە بۆ ناوەڕۆکی دانانی ووتارەکانی ئەم کتێبەی، دەڵێ تۆ بڵێی هەموو ئەم زانیارییانەی هی خۆی بن..؟
ئێمەش هەمان ڕەخنەی وەرگێڕ ئاڕاستەی وەرگێڕ خۆیی دەکەینەوە، چونکە ئاماژەی بە ناوی سەرچاوەی ئەم

وەرگێرانە و شوێنی چاپ و ساڵی چاپ و چاپی چەندەمینە نەداوە...؟

پێشەکیەکەی نوسەریش باسی ئەوە دەکات بابەتی ئەم نوسینە، پێگەیاندنی مرۆڤی ڕۆشنبیرە، لە چییەتی و مەبەست و بەهای ڕۆشنبیری دەکۆڵێتەوە، بە دوای ڕێبازی وەدەستهێنانی دا دەگەڕێت. وای لەقەڵەم دەدا توانیویێتی بۆ کاتی خۆیی واتایەکی هاوچەرخانەی بۆ ڕۆشنبیری هێنابێتە کایەوە و بۆ ئەو مەبەستە کاتێکی زۆری ژیانی ویژدانی خۆی بۆ تەرخان کردووە، بۆ ئاڕاستەکردنێکی ڕۆشنبیری لاوەکانمان.
سەلامە موسا هاتوە لە کۆمەڵگای میسری دەدوێ و باسی ئەوە دەکات، ئەو کۆمەڵگایە لە هەژاری و ڕۆشنبیریی و بیرکردنەوەیەکی نزیک لە نەبووندا دەژین و هۆکارەکەی بۆ داگیرکەر گەڕاندۆتەوە، کە گوایە تەگەرە بووە لە ڕێگەی خوێندنی هاوچەرخدا و ئاماژە بەوە دەکات تا ساڵی 1920 وەزارەتی پەروەردە نەیدەهێشت ئامادەییەکی کچان بکرێتەوە و بۆ ماوەی 20 ساڵ حکومەت دانی بە زانکۆی قاهیرەدا نەناوە.
هەر سەلامە موسا خۆی دەستنیشانی ئەوەی کردووە ئەم نوسراوە دوو بەشە، بەندەکانی بەشی یەکەم چارەسەرکردنی پلانی گشتی لێکۆڵینەوەن، بە شوێن شێواز و بەها و بارودۆخەکاندا دەگەڕێت.
بەندەکانی بەشی دووەم، چارەسەرکردنی لێکۆڵینەوە بابەتە جۆراوجۆرەکانە بە دووروودرێژی و ئاماژەی بەوە داوە ئەگەر خوێنەر پەیڕەوی بکات ئەو ڕێکخستنە بەهای خۆی هەیە.
لە کتێبی (خۆڕشنبیرکردن) دا نوسەر پشتی بەم بابەتانە بەستووە و تیشکی خستوتە سەر، خوێندنگە و کۆمەڵ، کۆمەڵ پەروەردەمان دەکات، بۆچی خۆمان ڕۆشنبیر بکەین...؟، زۆری کات و زۆری بەرپرسییەتی، چۆن خۆمان پەروەردە دەکەین..؟ ژینگەی خێزانی و ڕۆشنبیری، دواکەوتوویی نەیاری ڕۆشنبیرییە، ڕۆشنبیری چییە..؟ بەهای ڕۆشنبیری و مەبەستەکانی، مرۆڤی ڕۆشنبیر کێیە..؟ ڕۆشنبیریەکی مرۆڤانە، تەنها ناخوێنینەوە، بەڵکو لێکۆڵینەوەی دەکەین، دەرچواندنی مرۆڤی عەرەبی هاوچەرخ، ئەو نوسراوانەی بیروکۆمەڵی گۆڕی، 10 نوسراومان لێ مەکە..؟، فەرهەنگە عەرەبیەکان، ڕۆشنبیری منداڵانە، با فەرهەنگی بین، ئارەزوو لە ڕۆشنبیرییدا، ڕۆژنامە و گۆڤار، پەروەردە بۆ ژیانە، سایکۆلۆجیەتی لێکۆڵینەوە، چۆن نوسراوە دەخوێنینەوە..؟، لێکۆڵینەوەی زمانی عەرەبی، ویژەی کۆنی عەرەب، نوسراوە کۆنەکانی عەرەب، میسر لە ویژەی کۆنی عەرەبدا، ڕۆشنبیری نوێی عەرەب، کێشەی ڕۆشنبیری لە میسردا، شارستانیەتی کۆنی میسر، زمانی بیانی، ویژەی جیهانی، لێکۆڵینەوەی زانستەکان، لێکۆڵینەوەی ڕامیاری، لێکۆڵینەوەی مێژوو، لێکۆڵینەوە ئابورییەکان، لێکۆڵینەوەی فەلسەفە، لێکۆڵینەوەی ئایین، لێکۆڵینەوەی هونەرەکان، با تێکۆشانی ڕۆشنبیریمان هەبێت، نوسراوەی هێمایی و نوسراوەی تۆویی، تۆوی ڕۆشنبیریم، قوڵبونەوە بۆ لێکۆڵینەوە، 100 نوسراوە و کۆتایی کتێبەکەی بە باسی (بەرنامەی خۆڕۆشنبیرکردن) هێناوە.

لێرەدا ئێمە نەهاتووین سەرنج لە سەرتاپای ئەم ووتارانەی ناو ئەم کتێبە بدەین، تەنها چەند تیشکی ڕاگوزەر نەک ڕەخنە دەخەینە سەر پێنج بابەتی ئەم کتێبەی سەلامە موسا و لە بیروبۆچوونی ئەوەوە بابەتەکان دەخەینە ڕوو. ئەوانیش بابەتەکانی(ڕۆشنبیری چییە..؟ بەهای ڕۆشنبیری و مەبەستەکانی، مرۆڤی ڕۆشنبیر کێیە؟ ڕۆشنبیرییەکی مرۆڤانە و بەرنامەی خۆڕۆشنبیرکردن).

سەلامە موسا لە باسی ڕۆشنبیری چییە..؟ دا، دەڵێ: ڕۆشنبیری ئەوەیە، کە بیری پێدەکەینەوە، شارستانیەتیش ئەوەیە کە کاری پێدەکەین، بەڵام ئەم پێناسەیە وورد نییە، بۆنموونە ڕاستە زانیاری من لە ووزەی کارەبا، کە بەکار دێت بۆ ڕوناکی جوڵانەوە و ڕادیۆ و سینەما و گەرمکردن و چارەسەری تیشکی هتد..
ئەم زانیاریانە لای سەلامە موسا ڕۆشنبیرییە، لەبەر ئەوەی ئەو بە دەستی خۆی ئەو ئامێرانە بەکارناهێنێت، هەموو پەیوەندیەکی ئەو لەگەڵیان پەیوەندیەکی بیرییە، بەڵام ئەندازیاری کارەبا، بە ڕۆشنبیری و

شارەستانی چاکیان دەناسێت، لەبەرئەوەی ئەو لە یەک کاتدا بیریان لێدەکاتەوە و کاریان پێدەکات.

نوسەر باسی کۆمەڵی نمونەیی کردووە و دەڵێ: گەر هاتوو پێی گەیشتین، لە زۆر ڕووەوە ڕۆشنبیری و شارستانی دەبنە یەک شت، لەبەر ئەوەی هەموو کەسێک فێر دەبێت و ئاستی بەرزدەبێتەوە، ئەوسا شتی زۆر ئاست بەرز نامێنێت، لە نوسراوەکاندا بیخوێنیتەوە، بەڵام لە ژیاندات ئەیانبینیت.

نوسەر بۆ ئەم باسە چەندین نموونەی هێناوەتەوە لە ژیانی ڕۆژانەدا، ئێمە بەوەندە وازدێنین کە بۆچوونی سەلامە موسا بزانین دەربارەی ئەوەی پێمان بڵێت ڕۆشنبیری چییە..؟

بێگومان ئەو زانیاریانە بۆ ئێستا بەس نییە بۆ ئەوەی پێناسەی ڕۆشنبیری پێ بکەین بەڵام ڕەنگە بۆکات و ساتی خۆی بەس و پێویست بووبێ، ووتارەکەشی بەوە کۆتایی پێهێناوە دەڵێ:

بۆ ئەوەی ویژدان و لەش و بیرمان بە ئاشتی بژیت، دەبێت ڕۆشنبیر بین، هەوڵی ڕۆشنبیرییەکی جیهانی بدەین، بۆ ئەوەی شارەستانییەتێکی جیهانی بدۆزینەوە.

## بەهای ڕۆشنبیری و مەبەستەکانی.

ڕۆشنبیری، بەهایەکی کۆمەڵایەتی و جیهانی و مرۆڤایەتییە، ئەو نەتەوەی ڕۆشنبیرییەکەی وەستاو بێت و بوبێتە ڕێسا و ڕێباز، کۆمەڵەکەی وەستاو دەبێت و بۆ پێشکەوتنیش سست دەبێت.

بۆ ئەم چمکەش نوسەر چەندین نمونەی هێناوەتەوە، وەک لە کن چەند نەتەوەیەکی ئاسیا و ئەفەریقا، سڕیی و پەککەوتەیی لە نێو ڕۆشنبیری و شارەستانییەتیاندا پەکی خستوون.

نوسەر بەلایەوە ئەستەمە ئەگەر یەکێک ژیانی پیری خۆی بە نەخۆشی و نەزانی و سڕی بەسەر ببات، پێی دەڵێ: ئەڵێی پەیوەندی لەگەڵ جیهاندا پچڕاوە، لە 60 ساڵیدا لە کارەکەی خانەنشین دەکرێت، وا دەزانێت کە لە هەموو ژیانیدا خانەنشین کراوە، لە ڕاستیدا مردووە و درەنگ دەینێژن. لەبەر ئەوەی لە لاویدا خۆی ڕۆشنبیر نەکردووە.

## مرۆڤی ڕۆشنبیر کێیە..؟

سەلامە موسا بە نموونەی سەرۆک ولسۆن وەڵامی مرۆڤی ڕۆشنبیر دەداتەوە و دەڵێ: پیاوێکی ڕۆشنبیر بوو لێکۆڵینەوە و نوسراوەی زۆری کردبوو، بە ئاگا بوو سەرۆکی زانکۆی (برنستۆن) بوو، ڕۆشنبیری بۆ لاوەکانی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕێک دەخست... ل 70، لێرەدا نامەوێ لە شێوەی داڕشتنی ئەم مەبەستە ووردبمەوە بەڵام دەمەوێ لە ماناکەی بگەم، نازانم وەرگێڕ مەبەستی لە کردنی لێکۆڵینەوە و نوسراوەی زۆر کردن و ڕۆشنبیری بۆ لاوەکانی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕێک دەخست چییە..؟! هەست دەکەم کەمێک ناتەواوی لە مانای بینای ئەم ڕستانەدا هەیە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ناوەڕۆکی پەیامەکەی نوسەر بە خوێنەر بگەیەنرێت.

کورد دەڵێت: پیاوێکی ڕۆشنبیر بوو، لێکۆڵینەوە و نوسراوەی زۆری نووسی بوو یان بە ئەنجام گەیاند بوو.

لەم کتێبەی سەلامە موسادا هاتووە گوایە سەرۆک (ولسۆن) چوار مەرجی بۆ ڕۆشنبیر داناوە:-

1- مێژووی جیهان، لەسەرەتای گەردوونەوە و دروست بوونی شارستانیەت و تاکو ئێستا بزانێت.

2- مێژووی بیرۆکە بڵاوکراوەکانی ئێستا بزانێت، کە لەم چەرخەدا لەسەر سەرەتاکانی دەڕۆین.

3 – زانستێک لە زانستەکان بزانێت، بەو مانایەی کە بە زمانە ئەوروپییەکان پێدەڵێن.(Science)

4 – زمانێک بزانێت و چاکترین زمانیش ئەو زمانەیە، کە پێی پەروەردە بووە .

سەلامە موسا ئاماژەی بەو چوار مەرجە داوە کە دکتۆر (ولسۆن) بۆ مرۆڤی ڕۆشنبیری داناوە لێرەدا دەپرسێت ئایا من ڕۆشنبیرم..؟ یان تەنها دوو مەرجم تێدایە... هتد

دکتۆر ولسۆن گرنگتری پێش گرنگ هەڵبژاردووە و بناغەی پێش دیوار هەڵبژاردووە و گشتی پێش تایبەت

داناوه و پاشان گرنگی ئەو چوار مەرجەی بە ڕاڤەکردنەوە ڕوونکردۆتەوە، گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی (ئەوەی نەپێوڕێت و عەقڵ نەیگرێت زانست نییە)..

## ڕۆشنبیرییەکی مرۆڤانە :

سەلامە موسا مەبەستی لە ڕۆشنبیریەکی مرۆڤانە چییە..؟ بە نموونە مرۆڤی لە سەدەی بیستەمدا هێناوەتەوە چۆن دەژین و..؟! هاوبەندن بە پەیوەندییەکی ئابووری زۆرەوە، ماڵێکی ئاسایی لە قاهیرە یان لە پاریس یان لە نیویۆرکدا، مەبەستیشی ماڵێکی مۆدێرنە، ئەوەندەی کەل و پەل و خواردنی تێدایە مەگەر لە 50 وولات کۆکرابێتەوە، ئەم هاوبەندییە ئابورییە، شێوازی گەیاندنی زۆر و فراوان و خێرا کردووە، ئەم هۆیە وای لە مرۆڤی مۆدێرن کردووە، کە هەست بە نیشتمان پەروەری جیهان بکات، نەک هەست بۆ نیشتمان پەروەری بۆ وولاتێک بکات. ئەم هەستە بە پەرەسەندنی ڕۆشنبیری بە هێز تر و تیژ تر دەبێت، ئەو پەرەسەندنە ڕۆشنبیرییەی کە لە نێودڵماندا گیانێکی مرۆڤانەی نوێی چاندووە، وایلێکردووین، هەست بکەین کە یەک خێزانین و خاوەنی ئەم جیهانەین، کە تێیدا دەژین و لە ئێمە زیاتر کەسی دیکەی تێدا نییە. ل 79.

نوسەر پشتی بەو ووتەیەی مارکس بەستووە، کە دەیووت(جەنگ شەمەندەفەری مێژووە). واتە مێژوو هەنگاوەکانی لە جەنگدا خێرا دەکات، ئەم دوو جەنگە، ڕۆشنبیر و زیرەکەکانی گواستەوە ئاسۆیەکی ڕوون و فراوان لە بایەخدان، وای لێکردن کێشەکانی هەموو کیشوەرەکان بە کێشەی نیشتمانی خۆیان بزانن.

مرۆڤی ڕۆشنبیر لەم چەرخەدا، ئەو مرۆڤە نییە کە تەنها داوای ڕۆشنبیری عەرەبی یان ئینگلیزی یان ئەڵمانی بکات، بەڵکو داوای ڕۆشنبیری جیهانی دەکات، ئەو ڕوشنبیرییەی نە ڕۆژهەڵاتییە و نە ڕۆژئاواییە، بەڵکو ڕۆشنبیرییەکی سەر هەموو ئەم هەسارەیەیە، ئەمەش بەروبوومی ڕەنجی مرۆڤایەتی 250 هەزار ساڵ لەمەو پێشە تاکو ئێستا.

## بەرنامەی خۆڕۆشنبیرکردن:

دوا بەشی کتێبەکەی سەلامە موسا (بەرنامەی خۆڕۆشنبیرکردن)ە، مەبەستی خۆی بۆ بەرنامەی خۆڕشنبیرکردن بەم شێوەیە دەربڕیووە: کە چالاکی لە ژێری ناوەوە بگوازرێتەوە بۆ ژێری دیار، واتە لە ناخەوە بۆ ویژدان، یان لە (حەزی گشتییەوە بۆ بەرزکردنەوەی بیر) بۆ (ویستی تایبەت بۆ وەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراوە) یان لە (بڵاوبوونەوەی چالاکی گەر هەر ئەوەها دەڕوات و پەرت و بڵاو دەبێتەوە) بۆ (خاڵی تیشکۆیەک تیژی بکاتەوە و گڕبگرێت) و ببێتە تیشکی جۆراوجۆر و ئەوسا پێکەوە فراوان و قووڵدەبنەوە لە هەمان چەقە ڕەسەنەکەوە.

ئامادەکردنی بەرنامە، ڕێگا بۆ ئەم پسپۆڕییە خۆشدەکات، واتا خاڵی تیشکۆ دروست دەبێت و بارودۆخی ژیان، کات و دراو و ڕەنج بەکاردەهێنێت و ئەم هێزانە پەرت و بڵاودەکاتەوە و بەشی لێکۆڵینەوە نامێنێت بۆ خۆڕۆشنبیرکردن، بەڵام ئەگەر بەرنامەی دانا، دەتوانێت زۆربەی ئەو هێزانەی گل بداتەوە بۆ ئەو مەبەستە.

لێرەدا نوسەر نموونەیەکی زیندووی بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستەکەی هێناوەتەوە و ئاماژەی بەوە کردووە، گەر ویستی لە زمانێکی بیانی بکۆڵێتەوە، ئەوا یەکەم جار پێویستی بە فێرکارێک هەیە، بۆ ئەوەی گاڤی یەکەم تەواو بکات، کە دەگاتە سەرەوەی لێکۆڵینەوەکە، پێویستی بە کڕینی نوسراوە و تەرخانی کات دەبێت و دەبێت بەردەوام لێکۆڵینەوەی بکات، چالاکییەکە پەرت و بڵاودەکاتەوە و لەوانەشە ساردی بکاتەوە.

سەلامە موسا لە کتێبەکەیدا دەڵێت بۆ ئەوەی ببینە ڕۆشنبیر دەبێت بەرنامە ئامادە بکەین و کات تەرخان بکەین بۆ لێکۆڵینەوە (2-3) سات ڕۆژانە و دەبێت پارەی بۆ ئامادە بکەین، لەبەر ئەوەی پێویستمان پێیەتی بۆ لێکۆڵینەوە، بە کڕینی نوسراوە و گۆڤار.... هتد.

نموونەکانی نوسەر بۆ 60 ساڵ لەمەوبەر شیاو بوون کە دەڵێ ساڵی 10-20 جنیە تەرخان بکات بۆ کڕینی کتێب و گۆڤار، ئێستە زەمەن و کات گۆڕاوە، جۆرەها شێوەی خۆ ڕۆشنبیرکردن فەراهەم بووە، جیهانگیری

بەسەر دنیادا باڵی کێشاوە هەر لە ئەنتەر نێت و پۆستی ئەلکترۆنی، ئەو برە خەرجیەیەی ئەو تەرخانی کردووە زۆر لەوە زیاتری کردووە.

نوسەر بە گرنگی زانیوە پارە و کات بۆ بەرنامەی خۆرۆشنبیرکردن تەرخان بکرێت.

سەلامە موسا وای بۆ دەچێت خۆ رۆشنبیرکردن بۆ ژیانە نەک ژیان بۆ خۆرۆشنبیرکردنە، لەبەرئەوە مانا لە ژیان هەر ژیان خۆیەتی، ئێمەش کە دەڵێن رۆشنبیریمان ئاراستەی ئەو بەروبوومە دەکەین بۆ تێگەیشتنە، خۆمان خەریکی لێکۆڵینەوەیەکی نەزۆک ناکەین.

دەبێت بژین لە پێناوی ژیان.... دەبێت مێشکمان رۆشنبیر بکەین و خۆمان پەروەردە بکەین، ئەو رێبازەش زانیارییە، کە بە لێکۆڵینەوە دەستمان دەکەوێت و زانیاریمان لە مەیدانی جۆراوجۆری زانست وێژەو فەلسەفەدا کۆکردەوە و گەر بە تێگەیشتن چارەسەرمان کرد، ئەوا رای زۆر راست و پەسەندی پێ دروست دەکەین.

(را) رەنجێکی دەروونی و بیری گەورەی دەوێت و تەنها بە را ناتوانین رەفتار بکەین لە ژیانماندا، بۆیە بەهاکانی رۆشنبیری لێرەدا، (را)مان بۆ دەکاتە سۆز (مەبەستمان رای چاک و رەسەنە) و گەر را بوو بە سۆز، ئەوا دەچێتە نێو سیستمی دەروونیمان و گلۆر دەبێتەوە نێو ناخمان... و ئێمەش ئەوسا سۆز زۆر بە ئاسانی و بێ ویژدانانە بەکاردەهێنین، دواتریش سۆز دەبێتە بەشێک لە رێبازی ژیانمان.

سەلامە موسا بە شێوەیەکی تر دەڵێت: زانیاری گاڤی یەکەمە بۆ رۆشنبیری و زانیاری دەبێتە تێگەیشتن و را و دانایی و را و دانایی دەبنە رێبازی ژیان.

مەبستە بەرزەکەی رۆشنبیری ژیانە، واتە گەیشتنە بە ئەو رێبازەی کە پێی دەژین، لێرەدا دەبێت رۆشنبیری پەیرەو کردن بێت و مەبەستەکەی وەک مەبەستی فەلسەفە و ئاینە: زانیاری دوای تێگەیشتن، دوای را، دوای سۆز، دوای ئەو رێبازەی کە پێی دەژین، ئەو پێوەرەی کە رۆشنبیری پێدەپێوین، نابێت جیاواز بێت لەگەڵ ئەو پێوەرەی کە ئایین فەلسەفەی پێدەپێوین، واتە چەند فێرە تێگەیشتنی کردووین...!؟ و کامەیە ئەو رێبازە بەرزەی کە ژیانی ئێمەی گەیاندووە پێی.

---

* بۆ ژیانی سەلامە موسا سوود لە (ویکیبیدیا، الموسوعة الحرة) وەرگیراوە.